# سیمبۆلیزم لەئەدەبو هونەردا

## Symbolism in art and literature



**ئەکرەم قەرەداخی**

بەکارهێنانی هێما یا رەمز لەگەڵ مرۆڤدا پەیدابووەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ژیان، و مرۆڤ هەر لەزویەکەوە هێمای بۆ هەموو ئەو شتانە داناوە کە رۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، ئەگەرچی لەسەرەتادا بازنەی ئەو بەکارهێنراوانە تەسكو داخراوبوون، واتە هەر هێمایەك ئاماژە بووە بۆ تەنها یەك شت، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، هێماکان لەو بازنە تەسکە دەرپەڕینو بواری بەکارهێنانەکان بەپێی بەکارهێنەر گۆڕانو تا ئەو رادەیەی کە مەودای بەکارهێنانەکە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوەو لەسیماو خەسڵەتی تایبەتیدا دەرچوونو خەسڵەتو جیاکارییەکی گشتیان وەرگرت، واتە مەرج نییە هەمیشەو لەهەموو شوێنێكو لای هەموو مرۆڤێك ئەو هێمایەی بۆ

دیاردە یا ڕووداو یا شتێك بەکارهاتبێت، هەر ئەو مانایە ببەخشێت، بەڵکو گۆڕانکارییەکی سەراپاگیرییان بەخۆیانەوە دی‌و بەپێی ڕۆژگارو شوێن‌و کەسەکان، هێماکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو بەکارهێنان‌و ئاماژەی نوێیان وەرگرتووەو لەگەڵیشیدا ڕۆژ بەڕۆژو سات بەسات هێمای نوێ‌و بەکارهێنانی نوێ دێتە ئاراوە، ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە دیاریکردنێکی جێگیرو پێناسەیەکی تایبەت نییە بدرێت بەهێماکە وەك زمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت‌و لەهەموو سات‌و لەهەموو شوێنێکدا لەو قاڵبەی خۆییداو بۆ ئەو مەبەستە تایبەتییە بەکاربێت. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا هێما وەك ئاماژە یا کردار یا هەر چالاکییەکی دیکەی مرۆڤی دەردەکەوێت، کە توانای درك پێکردن‌و تێگەیشتن‌و لێکدانەوەی لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەجیاوازیی پلەی ڕۆشنبیری‌و زیرەکی‌و توانای لێکدانەوەکەیانەوە بەندە، هەر ئەمەشە کە لەپاشتردا مرۆڤ هێمای لەشیعرو ئەدەب‌و هونەردا بەکارهێنا جۆرێك لەتەمومژو ناڕوونی خستە بەرهەمەکانیانەوەو تێگەیشتن‌و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنیان ئاسان نەبوو، بەڵکو بەپێی خوێنەرەکانیان ئاماژەکان دەگۆڕان‌و ئەدەبیش بەگشتی بەمە لەدەرگایەکی ئاسان‌و ئاشکراوە هەنگاوی هاویشتە ناو دەرگایەکی پەنهان‌و نادیارەوە، کە گەلێك باری خوێندنەوەو تێگەیشتنی گران کرد، چونکە دەلالەتە مادییەکەی لەحاڵەتی وشەوە گۆڕییە ئاماژەیەکی پەنهان کە لەناوەڕۆکیدا گەلێك ڕاڤەو لێکدانەوەی جیا هەڵدەگرێت، لەکاتێکدا وشەی ئەبستراکت قاڵبی خۆی لەهیچ کات‌و شوێنێکدا ون ناکات‌و نیشانەیە بۆ هەر ڕووداو دیاردەو شتێك کە لەگەردوندا هەبێت یا هەر کارێکی مرۆڤانە کە ڕۆژانە سەدان جار دووبارەی دەکاتەوە.

لەپاشتردا بەکارهێنانی هێما ڕەگ‌وڕیشەی خۆی لەناو ئایین‌و ئایینزاکانیشدا داکوتا بەجۆرێك کە هەر ئاینە کۆمەڵێك هێمای بۆ خۆی هەڵبژارد، کە پێوەی دەناسرێتەوە، بۆ نموونە هێمای خاچ نیشانەو ئاماژەیە بۆ ئاینی مەسیحیەت، بوزییەکان هێمای بازنەیەك کە لەتایەی گالیسکەیەك دەچێت بەکاریان هێنا، جولەکەکان ئەستێرەی داودیان کردە هێمای خۆیان، سیخییەکان خانداyan هەڵبژارد، زەردەشتییەکان، فاراڤاهار Faravahar یان دانا، سلاڤیە نیوپاکانیزمەکان دەستی خودایان دەستنیشان کرد..هتد..[1]

| Religion or philosophy | Symbol |
| --- | --- |
| Ayyavazhi | • Lotus Carrying Namam  |
| Bahá'í Faith | • Nine Pointed Star  |
| Buddhism | • Wheel of Dharma  |
| Christianity | • Ichthys (fish)  |

- Christian cross 
- Patriarchal cross 

**Ethnic religions, Polytheistic reconstructionism Paganism, Neopaganism, Fetishism**

- Hands of God 
- Mjølner 
- Pentagram 
- Sun cross 
- Sun cross (also a symbol of neopaganism) 

**Gnosticism**

- Ouroboros (also a symbol of Alchemy and Hermeticism) 

**Humanism**

- Happy Human 

**Hinduism**

- Omkar (Aum) 

**Islam**

- Kalima/Shahadah
- Star and crescent (Ottoman symbol) 

| | |
|---|---|
| **Jainism** | • Swastica  |
| **Judaism** | • Star of David  |
| **Slavic neopaganism** | • Hands of God  |
| **Sikhism** | • Khanda  |
| **Shintō** | • Torii  |
| **Daoism** | • Yin and yang (Taiji)  |
| **Zoroastrianism** | • Faravahar  |

ئێستا بەهۆی تۆژینەوە ئەنسرۆپۆلۆژییەکانەوە توانراوە زۆرێك لەڕەهەندە هەمەجۆرەکانی ئەو هێمایانە دەربخرێت، کە مرۆۋ لەسەرانسەری مێژوویدا لەسەر زەوی‌و بەدرێژایی شارستانییە یەك لەدوای یەکەکاندا بەکاریان هێناوە، توانیی جێپەنجەی تێگەیشتن‌و بۆچوونی ئەو مرۆڤانە بدۆزێتەوە دەربارەی سەدان‌و بگرە هەزاران هێمای گەردوونی‌و سروشتی کە بەشی هەرە زۆریان پەنهان‌و نادیاربوون بۆی، یا خۆیان بەشێکیان بەکارهێناوە بۆ دەلالەتی روداوێك یا کردارێکی رۆژانە لەژیانیاندا.

واتە هێما لەناخ‌و جەرگی مرۆڤایەتیدا پێگەیەکی مەزنی بۆ خۆی داگیرکردووە، ئەگەرچی هەندێك لەدەلالەتەکانی ئەو بەکارهێنانە بەدەر لەئاگایی مرۆۋ خۆی داکشاونەتە ناو زمان‌و وشەو چالاکییەکانەوە، بەڵام لەڕاستیدا هەریەکەیان دەلالەتێکی قوڵیان پێکهێناوەو لای مرۆۋ خۆی جێگەی تێڕامان‌و وردبوونەوەیەکی سەراپاگیرەو گەلێك لەو هێمایانە کە بنەڕەتەکەیان لەوشەی سادەی رۆژانەی مرۆۋ خۆیەوە سەرچاوەیان گرتوە، مانا فەرهەنگییە سادەکەیان ون کردووەو بوونەتە هێمای چالاکییە مرۆڤییە جیاوازەکان‌و دەربڕینی هەست‌و سۆزو بیرکردنەوەی مرۆۋ دەگەیەنن لەسات‌و کاتە جوداکاندا، بۆ نموونە وشە سادەکانی جەسوری، خۆشەویستی، ئامانج، گەشبینی، بەختەوەری، ئارامی، دەستەوسانی..هتد.. لەوشەی ئەبستراکتەوە گۆڕاون بۆ قەوارەی

بەرجەستەكراوی رەفتارو هەڵسوكەوت و چالاكیی مرۆڤی و بۆ ئەو شتانەی بەڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات. هەر بۆ نموونە وشەی "رەش" كە بەمانا فەرهەنگییەكەی دەلالەت لەڕەنگێكی تۆخ و تاریك دەكات و بەیەكێك لەڕەنگە بنەڕەتییەكان دادەنرێت، بەسەدان لێكدانەوەی جیاواز وەردەگرێت كاتێك مرۆڤ دەیكات بەهێما لەژیانی رۆژانەیدا هەروەك: رۆژانی رەش، چارەنووسی رەش، ژیانی رەش، بەختی رەش، ناوچەوانی رەش، سیمای رەش..هتد.. كە هەریەك لەم بەكارهێنانانە ماناو مەبەست، لێكدانەوەی جیا وەردەگرن، بەكورتی دەتوانین بڵێین هەموو وشەیەكی فەرهەنگی لەئەنجامی بەكارهێنانە جیاوازەكانەوە دەتوانرێت بكرێن بە"هێما" بۆ حاڵەتێكی مرۆڤان، كە دەلالەت لەبارو كەش و ساتێكی جیا بكەن.

لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین كە بەشی زۆری ئەو هێمایانەی مرۆڤ لەسات و كات و شوێنە جیاكاندا بەدرێژایی مێژوو بەكاری هێناون دەلالەتێكی دەروونییان پێوەیە، واتە ئاماژە بەحاڵەتە دەروونییەكەی مرۆڤ دەكەن كە رەنگە زۆر جار بە ویست و ئارەزووی خۆی نەبوبێت لەبەكارهێنانی وشەیەكی ئەبستراكتدا بۆ "هێما"ی حاڵەتێكی مرۆیی، یا بارێكی كۆمەڵایەتی.. چونكە بەشی زۆری ئەو بەكارهێنانە بەندن بەسات و شوێنی بەكارهێنانیانەوەو گەلێك فاكتەرو هۆكاری جیاواز هەن كە كاریان تێدەكات و ئەو حاڵەتە پێكدەهێنن كە مرۆڤەكە پەنا دەباتە بەر سیمبول یا رەمز بۆ دەربڕینەكە، رەنگە ئەگەر كەمێك بەوردی بەدوای ئەو فاكتەرانەدا بگەڕێین جێپەنجەو نیشانەی ئەم هۆكارانەمان لەلا گردبێتەوە:




**1. هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان:**

مرۆڤ كە بەردەوام لەژێر كاریگەریی پەستانە كۆمەڵایەتیەكاندایە نەیوێرابێت یا نەیویستوە گەلێك لەبیروڕاكانی بەتەواوی بەئاشكرا دەربارەی بارە كۆمەڵایەتی و كێشەو حەزو ئارەزووەكانی دەربخات بۆ ئەوەی خۆی لەپیلە بازی و كێشمەكێشی كۆمەڵایەتی و هێرشی ناڕەوا دووربخاتەوە، بۆیە گەلێك لەسەرنج و تێبینی و بۆچونەكانی لەقاڵبی رەمزو هێمادا بەكارهێناوە، بەتایبەتی گەلێك لەو نوسەرانەی كە نوسینەكانیان تەرخان بوون بۆ دەرخستنی كێشەی لایەنە كۆمەڵایەتییەكان، وەك لەزۆربەی نوسینەكانی ئەدگار ئالان پۆدا دەبینرێت، كە لەناو تەمومژێكی خەیاڵاویی پڕ ئەندێشەدا دەریخستوون و گەلێك لێكدانەوەو راڤەی جیاواز هەڵدەگرن.




**2.هۆکارە ئاینیەکان:**

گەلێك هۆکاری ئاینی بەدرێژایی مێژوو بونەتە فاکتەر لەبەکارهێنانی هێما لەلایەن مرۆڤەوەو ئەمەش سەرتاپا ئاین‌و ئاینزا جیاوازەکانی گرتۆتەوەو رەگیان لەناو ناخی مرۆڤایەتیدا داکوتاوە.

**3.هۆکارە مادیە رووتەکان:**

خودانە ژیانی مادی‌و دوورکەوتنەوە لە پێگە رۆحییەکان‌و شۆڕبوونەوە لەدنیای حەزو ئارەزووە تاکیەکاندا، زۆر جار بەپێچەوانەوە بوونەتە هۆی گەڕاندنەوەو رووکردنەوە دنیای روحیانەت‌و شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناخی خودی مرۆڤ خۆی‌و قوڵبوونەوە لە کەش‌و هەوای سروشت‌و گەردون‌و رووکردنەوە ناو "غەیبیات"، کە ئەمانەش هەر هەر هەموویان بوونەتە هۆی بەکارهێنان‌و بەرپاکردنەوەی گیانی هێماگەری تیایدا.

**4.ناتەواویی سنوری ئەقل:**

زۆرێك لەبیرمەندو فەیلەسوف‌و نوسەران کە پەیڕەوی بیردۆزەکەی ئیفلاتۆن دەکەن لەو بڕوایەدان کە ئەقڵی هۆشمەند لەمرۆڤدا دەستەوسانە لەلێکدانەوەو راڤەکردنی دیاردەو رووداوو شتەکاندا لەبەرئەوە مرۆڤ خاوەن ئەقڵێکی دیکەیە، کە ئەویش ئەقڵی ناهۆشمەندییەو زۆر لەو ئەقڵە فراوانترەو پێویستە لەساتە جیاوازەکانیدا پەنای بۆ بەرێت‌و خۆی هێما بدۆزێتەوە بۆ هەموو ئەو بوارانەی تیایدا دەژی بەدەر لەجیهانە مادییە هەستپێکراوەکە، کە ئەویش جیهانی میتافیزیك‌و ئایدیایە.

**5.هۆکاری هونەری:**

گەلێك لەنوسەرو شاعیرو ئەدیبەکان لەو بڕوایەدان کە زمان خۆی لەخۆیدا ئەو توانا بەرفراوانەی نییە بتوانێت هەموو دەربڕینی ناخی مرۆڤ بگرێتە خۆی‌و باوەشیان بۆ بکاتەوەو وەك چۆن هەن ئاوا بیانخاتە روو، بۆیە مرۆڤ ناچار دەبێت کە پەنا بباتە بەر هێما، لەبەرئەوەی مەودای بەکارهێنانی فراوانترو قوڵترە.

**6.هۆکارە دەرونییەکان:**

هەروەك لەوەپێش ئاماژەمان پێدا کە مرۆڤ لەسات‌و کاتە جیاوازەکانیدا لەژێر پەستانی دەرونی‌و حاڵەتە سایکۆلۆژییە هیما دەکاتە هاوەڵی دەربڕینەکانی‌و بەهۆیانەوە گەلێك لەو پەستانانە دەرەوێنێتەوەو خۆیانی لێ رزگار دەکات، یا دەتوانێت بەئازادی‌و لەڕێگایانەوە بەناخی خۆییدا شۆڕببێتەوەو ئەوەی لەلای خۆی پەنگی خواردۆتەوە دەریان ببڕێت، ئەمەش بەزۆری لای شاعیرو نوسەران زیاتر دەردەکەوێت وەك لەکەسانی ئاسایی.

**7.هۆکارە سیاسییەکان:**

لەگەلێك بارو ژیانی سیاسیدا کە مرۆڤ بەتەواوی دەستەوسان دەبێت لەدەرخستنی بیروڕاو سەرنج‌و لێکدانەوەکانی بۆ باری سیاسی‌و هۆکارە سیاسییەکان، بەهۆی ئەو پەستان‌و رووبەڕووبوونەوەی دەستەڵات لەسەری داناوە، ناچار پەنا دەباتە بەر "هێما"و هەر دەربڕینێك کە

لەناخیدا هەیەو دەیەوێت بیان گەیەنێت لەڕێگای "هێما"وە ئاماژەیان بۆ دەکاتو زۆرتر ئەمەش لای شاعیروهونەرمەندو چیرۆکنوسان دەردەکەوێت.

فەیلەسوفی ئەڵمانی ئێرنست کسیرير وای دەبینێت کە زمانو ئاینو ئەفسانەو خورافەو هەموو رەفتارە رۆشنبیریەکان شێوەکانی هێمان رۆڵی ناوەند دەبینن لەنێوان مرۆڤو جیهانە دەرەکییەکەیدا، لەبەرئەوە کسیرير پێناسەی مرۆڤ بەوە دەکات کە بوونەوەرێکی هێماییە، چونکە لەواقعە مادییەکەدا ناژێی، بەڵکو لەناو رەهەندێکی نوێی ئەو واقعەدا دەژی، کە بریتییە لەڕەهەندی هێمایی و بەردەوام هەبوونی خۆی لەناو زنجیرەیەکی بێپایان لەهێمادا بەسەر دەبات.[2]

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوام مرۆڤ بەدرێژایی چاخە یەك لەدوای یەکەکان لەئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆو پەستانەی لەواقعە مادیەکەدا لەسەری بووە هەوڵی راکردنی لەو واقعە داوەو ویستویەتی لێی دەربازبێت بۆیە، هەمیشە خۆی لەناو ناخی هێماگەریدا دۆزیوەتەوەو هێماگەریی کردۆتە ئەو جیهانەی کە خۆی پێ لەجیهانە مادییە واقعەکە دورخستۆتەوەو بەهۆیەوە لەو جیهانە نوێیەدا هەستی بەفەرامۆشی و بوژاندنەوەی رۆحی کردووە، هەر ئەوەشە پاڵی بەزۆرێك لەشاعیرو نوسەرانەوە ناوە کە پەنا بەرنە بەر هێماگەری، چونکە لەهەناویدا هێماگەری هەموو جۆرەکانی میتافۆرو لێکچواندو خواستەی هەڵگرتووە.

قوتابخانەی دەرونشیکاری Psychoanalysis کە لەژێر دەستی فرۆیدو یۆنگو کەسانی دیکەدا پەیدابوو بایەخی سەرەکیی بەو هێمایانە داوە کە لەژیانی خودی کەسەکەدا بەکاردێن، یا دەچنە نوسینەکانییەوە، یا لەبەرهەمە ئەدەبی و هونەریەکانیاندا دەردەکەون، یا لەناو خەونەکاندا خۆیان پیشان دەدەن، بەو مانایەی کە دەرونشیکاری بەپلەی یەکەم واتە شیکردنەوەو راڤەکردنو دۆزینەوەی بنەڕەتو رەسەنی هێماکان لەژیانی مرۆڤدا، سەرەڕای دۆزینەوەی ئەو پیلەبازیو زۆرانبازییە یەك لەدوای یەکانەی هەمیشە لەدەروونی مرۆڤدان لەنێوان هەستو نەستو رەمەك (instinct)و رۆحیدا..[3]

چونکە هەمیشە فرۆید لەوباوەڕدا بوو کە چەمکە دەرکەوتووەکان لەخەودا، لەپشتیانەوە چەمکی شاراوەیان هەیەو هەریەك لەو چەمکە دەرکەوتوانە هێمان بۆ ئەو حاڵەتە مرۆڤیانەی ناتوانن لەبەر هەر هۆیەك بێت لەواقعە مادیەکەدا سەر دەربێنن لەبەر ئەو چەپاندنەی لەسەریانە، لەبەرئەوە خۆیان لەخەونەکاندا دەر دەخەن..[4]


ڤالێری

**لەئەدەبو هونەردا:**

بەکارهێنانی هێما وەك چەمکێکی ئەدەبی تا دوای ناوەڕاستی سەدەی هەژدە دەرنەکەوت، ئەوەش بەوەبوو کە لەساڵی 1886دا بیست نوسەری فەرەنسی لەیەکێك لەرۆژنامەکاندا بەیاننامەیەکیان بلاوکردەوە تیایدا لەدایکبوونی رێبازەگەیەکی نوێیان خستەڕوو، ئەویش رێبازگەی هێماگەری Symbolism بوو. لەپاشتردا ئەو

نوسەرانە بەنوسەرە تەمومژاوییەکان ناسران.

گەوهەری ئەو ڕێبازە نوێیە وەك لەبەیاننامەکەدا بلاویان کردەوە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لەبنچینەدا حالەتێکی ویژدانیی مرۆڤ دەیهێنێتە کایەوە، واتە لەجیهانە مادییە رووتەکە دادەبڕێت و هەردوو کایەی هەست ونەست بەشداری لەدروستکردنەکەیدا دەکەن، لەبەرئەوە ئەو وشانەی لەو بەرهەمانەدا دێنەکایەوە زیاتر ئاماژە بەو لایەنە دەکەن بێ گوێدانە لایەنە هەستپێکراوە مادییەکە وشەو دەربڕینەکان لێکدانەوەو راڤەکردنی دیکە هەلدەگرن، چونکە لەناخی نوسەردا جیهانێکی هەستپێکراوی دی هەیە کە ئەو روونە نییە وەك ئەوەی لەبەرچاوە بەلکو جیهانێکە شتەکان تیایدا ماناو مەبەستی دییان هەیە.

بۆیە هێماگەری لەبنچینەدا ئیحای هەستی شاراوەی مرۆڤە بۆ هەموو رووداو و دیاردەو جیهانەکە بەگشتی، واتە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆی لایەنە دەروونییە دیار نەبووەکەیە، کە زمان ناتوانێت پڕاوپڕ دەری ببڕێت یا نوسەرەکە خۆی نایەوێت بەراستەوخۆی زمان بیخاتەڕوو.

ئامانجی سەرەکیی لەهەموو دەربڕینێکی هێماگەریدا شکاندنی کۆت و پێوەندی گرێ کۆمەلایەتی و ئاینی و سیاسیەکانە کە لەبەر هەر حساب بۆ کردنێك بێت دەبنە رێگر لەبەردەم ویستە ئازادییەکانی ئەقل و هۆش و دەروونی مرۆڤداو نایەلن پڕاوپڕ ئەوەی نوسەر کینگلی پێوەدەخوات بکەونە روو، چونکە هێماگەری لەزۆربەی جاردا ئەگەرچی دەربڕینی جیهانە ویژدانیەکەیە، بەلام لەناخیدا کۆمەلێك ناوەرۆکی کۆمەلایەتی و سیاسی و بیری تێدایە، کە لەزۆر سات و کات و شوێندا ناتوانرێت بەئاشکرا بخرێنەڕوو.

جێی ئاماژەیە کە گەلێك نوسەرو شاعیر بەهەلگرانی ئەم رێبازگەیە ناسران و نوسین و شیعرەکانیان پڕاوپڕ ئاوێتەی ئەم رێبازەن، لەوانە: ئۆسکار وایلد، ولیم بلیك، پۆل ڤالیری، مالارمیە، ت.س.ئلیوت، بۆدلێر، لویل کاسپەر داڤید، ریلکە، یتس، ستێڤان جۆرج، ئەزرا پاوند، ئەدگار ئالان پۆ، گەلێکی دی.

**پ.ئامانجی سەرەکیی رێبازگەکە چییە؟**

–ئامانجی سەرەکیی ئەم رێبازە بەپلەی یەکەم گەڕانە بەدوای جیهانێکی ئایدیالی، کە پڕاوپڕی رۆح و دەروونی مرۆڤ بێت و لەپێوەندە کۆمەلایەتی و سیاسی و بیروڕا داخراوەکان رزگاریان بکات و رووبکاتە جیهانی ئەندێشە، چونکە هێماکان لەناخیاندا دەربڕینی هەست و سۆزی و گوزارشتە ئەقلییەکانن.

**پ.ئایا مەودای شیعر لای هێماگەرەکان چۆن کەوتەوە؟**

–هێماگەرەکان بڕوایان بەکێش نەبوو، بەلام مۆسیقای شیعر لای ئەوان بایەخێکی تایبەتی هەبوو، بۆیە هەنگاوی یەکەمیان لەدنیای شیعردا پشت کردنە شیعری چامەیی کێشدار بوو، گەڕان بوو بەدوای شیعری ئازاددا کە کێشە کلاسیکییەکان بەجێ بهێلێت و مۆسیقای شیعرەکەش راستەوخۆ دەربڕی هروژاندنە دەرونییەکەی شاعیر بکات.(5)

**پ.ئەو ئامازانە کامانەن کە هێماگەری بەکاریان دەهێنێت؟**

–زۆربەی ئەو گۆتەو چەمکانەی هێماگەران بەکاریان دەهێنن، شێوازی نوێن لەدەربڕینداو لەوەپێش کەمتر بینراون و زۆرتر ئەو دەبڕینانەن کە راستەوخۆ ئاماژە لەمەودا رۆحییەکان دەکەن،

بۆ نموونە شەفەق لای ئەوان هێمایەکە بۆ لەدایك بوونو سەرهەڵدان، زەردەپەڕ هێمایەکە بۆ ئاوابوونو لەناوچوون، شینایی.. هێمایەکە بۆ گەشەو زۆربوون. لەهەمانکاتیشدا لکاندنی وشە دوورەپەرێزەکان لەیەك ئیحایەکن بۆ دیاریکردنی جیهانێکی ئەفسوناوی ناو رۆح، بۆ نموونە: خەمی ئاڵتونی، هەنگوینی شین، مرواریی هەناو، خۆری رۆح، بەفری سور، تەمی ئەندیشە..هتد..

**پ.ئەم رێبازە ئەدەبییە یەکەم جار لەکوێ سەری هەڵدا؟**

–سەرهەڵدانی راستەقینەی رێبازەکە دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا وەك لەپێشەوە باسمان کرد، لەپاشتریشدا بەهەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبوەوە، بنەچەی ئاشکرای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابڕانەی مرۆڤ کە لەجیهانە ئەفسوناوییەکەی ناخدا هەستی پێ دەکاتو خودانە جیهانە مادیەکەو سەرلێشێوانو ونبوونە تیایدا، هەروەها دەربازبوونە لەو کۆتو پێوەندانەی سەرجەم کۆمەڵو دامودەزگاکانی لەبەردەم ئارەزووەکانی مرۆڤدا دروستی دەکەنو هەوڵدانیشە بۆ چارەسەر دۆزینەوەی کێشە ژیانییەکان لەرێگای ئیحاو بەکارهێنانی هێماوە.(6)

**پ.ئەو ئاراستیانە کامانەن کە رێبازگەی هێماگەری دەیانگرێتەبەر؟**

–بەشێوەیەکی گشتی ئەم رێبازە سێ ئاراستە دەگرێتەبەر:

1.ئاراستەی دیاردە دەرەکییەکان، کە لەلایەن ئەقڵەوە لێکدەدرێنەوە.

2.ئاراستەی ئەقڵی ناوەوەو جیهانی نەستو بۆ دۆزینەوەی رایەڵە شاراوەو پەنهانەکانی ئەودیو هۆش.

3.مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا بەو ئاراستەیەی کە وشەکان لەزۆربەی جاردا جیهانە واقعییەکەی خۆیان لەدەست بدەنو بکەونە ناو دنیای ئەدەبەوە لەخزمەتیدابن.

**پ.بۆچی هەندێك لەرەخنەگران ئەم رێبازە ناودەنێن رێبازی سەروسریالی؟**

–لەبەرئەوەی لەهەردوو حاڵەتەکەدا چ لەسریالیو چ لەهێماگەریدا، مامەڵەکردنەکان لەرێگای دەروونییەوە بەدەر لەئەقڵی هۆشمەند، واتە شۆڕبونەوەیە بەناو ناخی ئەقڵی ناوەوە، بۆ دورکەوتنەوە لەهەموو ئەو شتانەی کە لەنەستدا کۆبوونەتەوەو بواری دەرپەڕینیان نییە، واتە دەربڕینی ئەو حاڵەتە تەمومژاوییەی دەروونی مرۆڤەو رەواندنەوەیەتی لەرێگای ئەدەبو هونەرەوە. بەڵام لەهێماگەریدا بەشی زۆری دەربڕینەکان دەچنە قاڵبی بەکارهێنانی هێماوە، هەر بۆیە هێماگەری بەم پێیە دەبێتە سنوری کۆتایی سریالی.

**پ.ئایا هێماگەرەکان بە چ ئاراستەیەك چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیو رەوشتییەکان دەکەن؟**

–هێماگەرەکان زۆرتر بۆ ئەم حاڵەتە پەنا دەبەن بەر ئەفسانەو داستانە میلییەکانو زۆربەی جار لەزمانی تارماییو کەسانی غەیبییەوە راکانی خۆیان دەردەخەن، بۆ نموونە ئەپسن لەشانۆگەریی "تارمایی"دا پەنجە ئاراستەی مانەوەی یەك لەدوای یەکی گوناهەکان دەکات، کە چۆن لەباوانەوە شۆڕدەبنەوە بۆ منداڵەکان، لەشانۆگەرییەکەدا باوك بەزۆر کارەکەرەکە خراپ دەکات، لەپاشتردا کوڕەکەی کە گەورە دەبێت هەمان کردار لەگەڵ کارەکەرەکەی خۆیدا دەکات..هتد..

هەر بەو پێوانەیەش پەنا بردنە بەر ئەفسانەکان بۆ دەرخستنی بیروڕاو فەلسەفەیەکی دیاریکراو لەلایەن نوسەرەوە کە زۆرجار لەسەر زمانی کەسێتییەکی ناو ئەفسانەکە دەکرێت و زۆرتر لەگەڵ

**بارودۆخەکەی ئەو کاتەدا ڕێك دەکەوێت، واتە نوسەر پەنا دەباتە بەر ئەفسانەیەك، کە زۆر نزیك بێت لەو بیرەی دەیەوێت بەزمانی کەسێکی ناو ئەفسانەکەوە دەری بڕێت.**

**پ.لەبواری هونەری شێوەکاریدا هێماگەرەکان چی دەکەن؟**

**-زۆرێك لەو هونەرمەندە شێوەکاریانەی سەر بەڕێبازی هێماگەرین، لەتابلۆکانیاندا گەلێك هێما بەکاردەهێنن، کە هەریەکەیان ئاماژەن بۆ ڕووداوێك، دیاردەیەك، باریکی دەروونی، باریکی کۆمەڵایەتی، سیاسی..هتد.. هەروەك لەتابلۆکانی:**

**جۆرج فریدیك واتس** (1817-1904) **پێر پوڤیس** (1829-1898) **گۆستاف موری** (1826-1891) **رانولد بوکلین** (1827-1901) **هێنری فانتین** (1836-1904) **جان توردپ** (1858-1928) **جیم دیلڤیلی** (1867-1953)**..هتد.. دەردەکەوێت.**

**شایانی باسیشە هەمان ڕێباز زۆر بەئاشکرایی لەهەندێك لەکارە موزیکییەکان و شانۆگەرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە باسکردن و لێکۆڵینەوە لەسەریان خۆی لەخۆییدا پێویستی بە وتاری سەربەخۆیە و ئەوە بۆ دەرفەتێکی دی هەڵدەگرین.**

**پەراوێزەکان:**

1.**بڕوانە** Wikipedia Encyclopedia www.wikipedia.org

2.**بڕوانە:** www.sadbengrd.frlar

3.**بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:**

**ئەکرەم قەرەداخی "قوتابخانەی دەروون شیکردنەوە لەڕەخنەی ئەدەبیدا" گۆڤاری نوسەری کورد ژمارە** 6..

**هەروەها بڕوانە:**

**ئەکرەم قەرەداخی "گۆڤاری سەردەم"**

4.**بۆ زیاتر بڕوانە:**

**لابلانس، جان و ج.ب بوتالیس.**

**معجم مصطلحات التحليل النفسي. ترجمة مصطفى حجازي- ديوان المطبوعات الجزائرية- جزائر** 1985.

5.**بۆ زیاتر بڕوانە:**

Houston, John Porter:
“French Symbolist Poetry”
an anthology 15BN 20250-7

6.**بڕوانە:**

Balakiam, Anna "The Symblist movment acritical appraisal" Random House 1967.